# کۆنگره: ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

Newsletter of KNC No: 54 April 2011 * ژماره 54 نیسان 2011 – 2711 ك

www.knc.org.uk e-mails: wka@knc.org.uk knc@ribrahim.de


## خەبات لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و دێموکرات و سەربەخۆ

==========================================================================




# دەژی یادی 14ی گوڵانی ساڵی 1959 لە دڵماندا ڕۆژی دامەزراندنی کاژیک

### ساسان دەروێش- هۆڵەندا

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە وە تا بە ئەمڕۆ دەگات گەلی کورد لەڕێ ڕەوی خەباتی نهێنی وسیاسی و شاخ دا لە چوار چێوەی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی گەلێک قوربانی بەخشی لە پێناوی بە دەست کەوتنی ئازادی،مەخابن لە زۆری دامەزراوی حیزب و شۆرش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لە ڕابردوو دا بێجگە لە ناوەکانیان هیچی تریان لەپاش بەجێ نەما، لە ئاوابوون و کۆتاییشیان جگە لە ماڵ وێرانی و سەرگەردانی زیاتری کورد هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووە کە جێگای باس بوبن لە مێژوودا، لە هەموو ئەو گۆرانکارایانەی کە لە ڕابردوودا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم وکۆتایی هاتنی دیلی گەلە چەوساوەکان وگەیشتنیان بە مافی ئازادی خۆیان ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو حیزب و ڕێکخراو شۆرش و ڕاپەڕینانەی کە لە کوردستاندا سەریان هەڵداوە و بوونەتە فریاد ڕەسی بە دەست هێنانی ئازادی وسەربەخۆی کوردستان،هیچیان لەسەر بناغەی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی ڕەسەنی ڕێکخراو دا نەمەزراون بۆیە هیچ کامیکیان نەیانتوانیوە شۆرشێکی فیکری بەرپا بکەن و لە ئەنجامدا بگەنە ئامانج،لە نەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی و زاڵبوونی بیری داگیرکاران و خۆبەکەم زانین لەبەردەم دوژمن کە بڵێن کوردین و داوای مافی خۆمان دەکەین کە دەوڵەتی کوردی وسەربەخۆی کوردستانە،

هەر وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد،شۆرشە یەک لە دوا یەکەکانی کورد لە سەرەتاوە خاوەن بنەمایەکی نەتەوەییانەی تیروتەسل نەبوون،گەورە پیاوانی ئێمە زۆربەیان کاتێ، ئەرکی شۆرشیان پێ ئەسپێرا هزرو بیری نەتەوەیی یان زۆر لاواز بوو لە ناخیاندا،زۆر بەیان لە ڕێی ئاینەوە توانیان بۆ ماوەیەک درێژە بە خەبات بدەن،کە ئەمە لە خۆی دا زیانێکی گەورەی بە بزاڤی ڕزگاری نەتەوەیمان گەیاندوە بەڵکو کاتێ کە بە بیرو پیرۆزی نەتەوەیی وەک تیۆر و فەلسەفە درا بە گوێ ی خەڵکی کوردا دەیان ڕۆڵەی بە ئەمەک بوونە دەروێشی ئەو تەکیە شیل گیرانە پەیڕەویان ئەکرد بۆ نموونە لە شۆرشی مەزنی ئەیلول دا دەیان لێپرسراو سەدان پێشمەرگەی دلێرو نەبەز خۆنەویستانە گوم ناو درێژەی بە خەباتی نەتەوەیی دا پێ ی وابوو شۆرشی مەزنی ئەیلول تاکە شۆرشێکە تەواوی نەتەوەی کورد خەرمانەی تیایدا،بۆیە هەموو بەرژەوەندیەکی حیزبی وە لا دا نا بۆ نەوی نەبوونی ئاڵای ئەو شۆرشە وە دەیان سەرکردەی گۆشکراوی بیری نەتەوەی کردە خەڵات.نموونەش فەرماندە و سەکردەی شۆرشی ئەیلول و دۆستی نزیکی بارزانی ( محەمەد دەروێش نادر) کە ساڵی 1965 لە بیرە نەوتەکانی کەرکوکی داو دەنگ و سەدای شۆرشی بە دنیاگەیاند کە ئەم چالاکیەش شانازیەکی تری بۆ نەتەوەیەکان تۆمارکرد لەوێسگەکانی شۆرش دا.

ئەو دەمەی بیری پیرۆزی نەتەوەیی وەک فیکرو ئایدیا لە دایک بوو سەردەمێکی تاریک بوو بۆ هەنگاونانی بیری نەتەوە و نش و نماکردنی، چونکە ململانێ ی هەردوو زلهێزەکەی جیهان لە بەختی ڕەشی کورد تای تارەزوو زیاتر بەڵای بلۆکی ئیشتراکی دا شکایەوە کە یەکێتی سۆڤیەت

خاوەنی بوو هەروەها  شۆڕشی 14ی گەلاوێژی ساڵی 1958 کاریگەری باشی هەبووکە دەسەڵاتدارانی ئەوسەردەمە خۆیان لەو بەرەیەدا ئەبیننەوە مەدی کۆمۆنیستی زیاتر هەنگاوی ئەنا تاکو ساڵی 1959 بە ئاشکرا سەرۆک قاسم لە کەنیسەی ماریوسف لە بەغدا دابەزیە سەریان ئەمانە دەیان سیناریۆبوو، دوای ئەوەش کۆمۆنیستەکان هەوڵی بە تەیارکردنی جەماوەری ئەدا بۆیە  نش ونمای کاژیک ولە دایک بوونی ئاسایی نەبوو دواتریش شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا کاژیک لەوێش هەر تووشی ململانێ بووەوە بۆ لە دایک بوونی سەردەمێکی لە بارنەبوو بە ڵکوقۆناغێک بوو کاتی پێویست بوو بۆ  خۆڕێکخستنی کاژیک.
ئەوەی لەم باسەم دا دەمەوێ باسی بکەم یادکردنەوەی کاژیکە کە 52 ساڵ لەمەوبەر ڕێکخراوی کاژیک لە سەر دەستی کۆمەڵیک لە ڕۆشنبیران و سیاسەت زانی کورد لە14 ی گوڵانی ساڵی 1959 دامەزرا وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بە نێوی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد ) واتە (کاژیک )، بە دروشمی کوردستان بۆ کورد و یەکسانی بۆگەل هاتە سەرشانۆی خەبات و دیارە ئەم ڕێکخراوەش تێکۆشانی لە پێناوی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆوگەلێکی ئازد دابوو.
لە نێو کێشمە کێشی بەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیاو گەمە سیاسیەکانیان لە نێو ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی کە بە ژمارە زۆر و بە قەوارە بەتاڵ هەبوون بە درێژای مێژووی نەتەوەیمان و زاڵبوونی بیری داگیرکاران و ڕەنگدانەوەی بۆ جەماوەری ئەم حیزبانە و هەڵ خەڵەتاندنیان بەهەڵگرتنی دروشمی بچوک و هەنگاوی کورت و پشتگیریان بۆ بە دەست هێنانی نیمچە ئازادیەک لە چوارچێوەی داگیرکارانی کوردستان و دابەشکراو بەسەریاندا تا ئەوکاتەی لەجێ بەجێ کردنی بەرنامەکانیاندا بوون و دواتر هەرخۆیان پشتیان تێ کردووین و وەک گۆشتی مەڕ دەرخواردی گورگی داگیرکارانیان داوین، لە نا هۆشیاری کورد بۆ بیری نەتەوەیی و چەواشەکاری کۆمۆنیستەکان وهەڵخەڵەتاندنی کورد،کاژیک لە دایک بوو. کاژیک کوردایەتی لە سۆزەوە گۆڕی بۆ بیروباوەڕ و فەلسەفەیەکی سنوور ئاشکرا بە پێچەوانەی بیری چەپەوە سەلماندی کوردایەتی و نەتەوایەتی بەگشتی قۆناغێک نیە لە مێژوودا بەڵکو بوویەکی هەمیشە زیندوووە و شان بەشان بوونی نەتەوە بوونی هەیە.
یەکەمین بەرنامەی  کاژیکیش بۆ هەڵگێرانەوەی بنچینەیی ڕەوت و ڕەوشتی کۆمەڵگە داڕشت، کاتێک دروشمی کوردستان بۆ کورد و یەکسانی بۆ گەل ی وەک دوو تەواوکەری یەک هەڵگرت واتە دەیویست کورد لە ووڵاتی خۆیاندا خۆیان فەرمانڕەوابن نەک داگیرکەران، هاونیشتیمانانی کوردستانیش کە گەلی کوردستان پێک دەهێنن لە ڕووی مافی دەسەڵاتی وتوانستی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەوە یەکسان بن واتە لە کوردستان.
با بزانین بەڕیز **( د، جەمال نەبەز )** کە خودانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردی، دەربارەی دروست بوونی کاژێک چی دەفەرفووێ :-
سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی کاژیک نووسیویەتی، لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە بیرێکی تازە لە کوردستاندا هاتە کایەوە کە دوایی بەبیری نەتەوەیی ناسرا لایەنگیرانی ئەم بیرە چونکە سەرەتای کاریان بە ڕخنەگرتن لە سەرکردایەتیی کلاسیک و دەستەی هوردە بۆژوای کورد چ ڕێبازی کوردستانی و چ ڕێبازی نا کوردستانی دەست پێ کرد لە بەر ئەوە  ئەمانە لە پێشەوە بە هێزی سێیەم نێو دەبران بۆ جیاکردنەوەیان و دوو ڕێبازەی سەرە بەڵام ئەم بیرە تازەیە لە1959/4/14 دا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی( کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد ) دا کە  (کاژیک) ە چلوورەی بەست وفەلسەفەکەی بە بیری نەتەوەیی یا قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم دەست نیشان کرا.
وە هەروەها بەڕیز **( کامیل ژیر )** پارێزە ر ونووسەر یەکێک لە دامەزرێنەری کاژیک،بزانین چۆن باس لە دروست بوونی کاژیک دەکات :-
لە ڕاستیدا یەکێک لە هەڵە گەورەکانی حیزبە کوردیەکان هەتاکو پێش دروستبوونی کاژیک ئەوە بوو کە ستراتیژی کوردیان لەسەربەخۆییەوە بۆ  پێکەوە ژیان لەگەڵ داگیرکەرەکانماندا گۆڕی و ئەوپەڕیشی کە داوایان دەکرد ئۆتۆنۆمیەک بوو بۆ ئەم پارچەیەی کوردستان و دیموکراسی بۆ عیراق لە ئێران خودمختاری بۆ کورد و دیموکراتی بۆ تاران، هەڵبەت ئەم بیرۆکەیە زیانێکی زۆری بە کورد گەیاند لە بەر ئەوە بیرمان لە وە کردەوە کە حیزبێک یان ڕێکخستنێک دروست بکەین وکردیشمان ئەوە بوو لە14 /1959/4 دا ئێمە کاژیکمان دامەزراند (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد ) بە ئایدولۆژیایەکی پێشکەوتوخوازەوە کە کورد بەرەو سەربەخۆیی بەرێت.
لە باسەکەی بەڕیز پارێزەر **( کامیل ژیر)**  دەستەی دامەزرێنەر مان بەم شێوەیە پێ دەناسێنێ :-
سەرەتا حەوت کەس بووین مامۆستایان ( ئەحمەد هەردی، جەمال نەبەز، عەبدوڵڵاجەوهەر، فەرەیدون عەلی ئەمین. فایەق عارف، ئیحسان فواد، کامیل ژیر ) دوایی دووکەسی تریشمان هاتە پاڵ( شێخ محەمەد هەرسین و محەمەد عەزیز  ) کە ئەوان پارتێکی تریان هەبوو (پارتی

گەلی کورد ) دوایی خۆیان داوایان کرد ووتیان پێمان خۆشە لەگەڵ کاژیکدا ببین بەیەک و ئەوانیش تێکەڵمان بوون ئەو دوو بەڕیزەش بوون بە
ئەندامی سەرکردایەتی.
لە هەمان باسی پارێزەر بەڕیز**( کامیل ژیر)** بەم شێوەیە باس لە دوا وێسگەو ڕۆژەکانی تەمەنی کاژیک دەکات:-
لە هاوینی 1974 دا بە هۆکاری ئەوەی کەوا شەڕ هەڵگیرسابووەوە لە نێوان شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمی بەعسدا لە بەر ئەوەی نەبینە کۆسپ لە ڕێگەی سەرکەوتنی شۆڕشدا وتەنانەت ئەوانەی کەپێیان دەوتن جەلالی ئەوانیش هاتنەوە ژێر باڵی بارزانی، هەموو ئەوانە وایانکرد کە ئێمە چالاکی خۆمان هەڵپسێرین وکۆنفرانسێکمان بەست لە شاری نەغەدە لەوکۆنفرانسەدا پڕیارماندا بە شێوەیەکی کاتیی چالاکیەکانی کاژیک ڕاگرین تا بزانین شۆرش بەکوێ وبەجی ئەگات هەرچەندە هەندێ دەنگ لەگەڵ ئەو بڕیارە نەبوون.

لەکۆتایدا بۆ ئەم یادە پیرۆزە وێڕای ڕیزوستایش بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕزگاری نەتەوەیمان و ئەڵیم شەهیدانی بیری کوردایەتی یەکەم کەسێک بوون خۆنەویستی و بەرژەوەندی تاک و بەرژەوەندی حزبی وەلادانا لە پێناوی سەرکەوتن و بەهێزکردنی ئەوشۆڕشە دا، پێم وابێ کاژیک لەومێژووە کەمەی دا بە هەرچی ڕاگەیشتبێ گوناوانەتیایدا خەباتی بێ خەوشی نەتەوەیانەی جۆش داوە.



## بو بەریزان هاوبیران ودۆستان

**ئاشکرایە کە ئەمرۆش هەر وەك رابوردوو، چارەنووسی نەتەوەی کوردمان، نادیارە. هیچکام لەپارتییە کوردییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، بە گوڕان و پەکەکەوپژاکیشەوە، لەئاستی دیاریکردن و بەدەسخستنی چارەنووسیك نین کە سەربەخویی کوردستان دەستەبەرکات. هەندیك لەوانە، جگەلەوەی چەندین جار هەڵی سەربەخوییان لەدەسداوە، هەمیشەش لەپیشبرکیدان بۆ زیاتر لکاندنەوەی کوردستان بە پایتەختەکانی داگیرکەرانەوە، سەرباری گەندەلییەکانیان. ئەوەش لەخۆرا نەهاتوە. ئەوانە بە پێی**

بەرنامەکانیان و بەکردەوەش، ستراتیجیان لە نیمچەدەسەلاتیکی ناوچەیی لە چوارچێوەی دەسەلاتی داگیرکەراندا تینا پەڕێ.

لەبەرامبەر ئەوانەدا جەماوەریکی زور، خوازیاری سەربەخویین، بەلام بەپەرش وبلاوی و بێ ریکخستنیك. ریکخراوە سەربەخوییخوازەکانی وەك کاژیك و پاسوکیش لە رابوردوودا، روژگاریان لەبارنەبوو بۆئەوەی ئەو جەماوەرە لێیان کۆببیتەوە، سەرباری لەبارنەبوونی هەل بۆ ئەو ئامانجە لەو رۆژگارەدا.

ئیستا پرسیارەکان ئەمانەن :

1- ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتوە دەزگایەکی نەتەوەیی ناپارتی بە بەرنامەیەکی نوێو رەوتیکی نوێوە، ئەو جەماوەرە سەربەخوییخوازە کۆکاتەوەو هەلی ئیستای لەبار بۆ سەربەخویی بقۆزیتەوە ؟

2- ئاخۆ بەبێ بوونی دەزگایەکی لەوجورە، ئەو جەماوەرە، یا چەند وردە ریکخراویکی نەتەوەیی، تەنیا بە گلەیی و بۆڵەو بیزاریدەربڕین، یا بەرەشکردنەوەی هوکارەکانی راگەیاندن، یا بەئامۆژگاریکردنی بێهوودەی ئەو پارتیانە، هیچیان پێ ئەکرێ و گوێیانلێئەگیرێ ؟

3- ئایا ئەوە رەوایە دەرگای ما لَی کورد بۆ هەموو بیروکەیەکی نامۆ والأبێ و لەبیری کوردایەتی داخراوبێ کە ئەشێ ئیمە خوشمان بەشێکی کەمتەرخمبین لەوبارەیەوە؟

4- ئایا ئەوانەی لە دە پازدە کەسەوە بووونە حیزبێکی گەورە، لەئێمە زاناترو کاراترو لێهاتووتربوون ؟

5- ئاخۆ خەباتی کورد بەنایەکگرتوویی، واتا هی هەر پارچەیەکی کوردستان بەجیا، هیچی لێسەوزئەبێ بۆ سەربەخویی ؟

6- ئەگەر وەلامەکان بە ئەریتی بوو، ئایا بەریزتان بەئەرکی سەرشانتانی نازانن بەشداری لە دروستکردنی دەزگایەکی نەتەوەیی بۆسەرتاسەری کوردستان بکەن ؟

7- راتان چیە لە ئیستاوە خۆمان سازدەین بۆ بەستنی کونفرانسیك لە بەهاری داهاتوودا لە باشووری کوردستان بۆ 300 تا 400 کەسی سەربەخوییخواز لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانەوە تا بەهەمووومان پێکەوە بەردی بناغەی ئەو دەزگایە دانێین و بەرنامەو نەخشەکانی بۆداڕێژین و میکانیزمی کارکردنی بۆریکخەین و ستراتیجی کورد دیاریکەین و ئەوبارەی خەلکیتر نایخاتە سەرشانی، ئیمە بیخەینە ئەستۆی خۆمان بێئەوەی دژایەتی هیچ لایەنێکی کوردی بکەین ئەگەر دژایەتیمانکەن ؟

8- ئایا پێتانباشە لە ئیستاوە دەستەیەکی ئامادەکار پێکبهینرێ بۆ ئامادەکردنی ئەو کونفرانسەو دابینکردنی جیگەو وەرگرتنی مۆڵەت؟

9- ئیستا وەك سەرەتایەك پیشنیارەکانتان چیە بۆ جۆری ئەو دەزگایە و شێوازی بەریوەبردنی دوور لەشێوازی پارتایەتیی ماڵی کوردوێرانکەر؟

10- ئایا ئەوە بەباشئەزانن ئەم پروژەیە لە هوکارەکانی راگەیاندندا بلاو بکریتەوە بۆئەوەی زیاترین کەس بەشداری وەلامەکان بکەن ؟

بۆزانیاریتان ئەم بیروکەیە هی ژمارەیەك لە هاوبیرانی کوردایتییە کە دۆست و خۆشەویستی ئێوەن و جیدەستیان لە خەباتی کوردایەتیدا دیارەو خاوەنی رابوردوویەکی خاوێن و خەرمانیك لە بەرهەمە هزرییەکانن لەو بوارەدا.

11- ئایا پیشنیاری هیچ خاڵێکی ترتان هەیە بیخەنە سەر ئەو خالانەی سەرەوە ؟

لەگەڵ ریزو خوشەویستیمان.

---



## ئەندازیار بروسکە ئیبراهیم:

# دەوڵەتی کوردی خەون نییە، من ئەوە بە خەون دەزانم کە دەوڵەتێکی دیموکراتی لە ئێراقدا دروست بێت

**بەهمەن عومەر- هەولێر**

**بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر هۆکاری دوورکەوتنەوەی زۆرێك حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە داواکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان، کێشەکانی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان، چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە (میدیا) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ بروسکە ئیبراهیم بەرپرسی مەکتەبی دەرەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئەنجامدا.**

**میدیا: ئێوە لەسە ئاستی نێودەوڵەتی چالاکیتان هەیە لە بواری نەتەوەیی کورد دا لەو رووەوە کێشەی کورد تا چەندە چۆتە پێشەوە؟**

**بروسکە ئیبراهیم: لە راستیدا جیاوازی هەیە لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا بۆ نموونە پێش ئەوەی لە باکووری کوردستان پێش ئەوەی PKK دروست ببێت کەس کەم باسی کوردی دەکرا، لەو پارچەیەدا لە باشووری کوردستان ئەو ناوەی نەبوو، ئێستاش ئەو ناوەی نییە، بۆ نموونە تا ئێستاش کە نوێنەری حکومەتی هەرێم دێتە ئەوروپا بەناوی حزبەکانییانەوە قسەدەکەن بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە قسە ناکەن، لەبەر ئەوە زۆر کەس باسی حکومەتی کوردستانی باشوور ناکات، ئەگەر لێیان بپرسیت دەڵێن ئەوانە هەریەکەو لە شوێنێکی بچوك حکومەتێکی بۆ خۆی دروست کردوە، بەڵام ئێستا ماوەیەکە دەبینی کۆمەڵێکی زۆر کونسوڵخانەی وڵاتانی ئەوروپایی لە کوردستان کراوەتەوە ئەوە کاریگەری باشی دەبێت، بەگشتی باشووری کوردستان لە دوای رووخانی حکومەتی ئێراقەوە هەندێك پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا بەوشێوەیەش نییە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا تا ئێستا شوێنێك نییە کە ناوی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت لە زۆربەی وڵاتانی دیکەش هەر بەهەمان شێوەیە.**

**میدیا: تا چەندە سیاسییەکانی کورد باوەڕیان بەوە هەیە کە دەوڵەتی کوردی دروست بکەن؟**

**بروسکە ئیبراهیم: ئێمە کاتی خۆی دەمان گوت کوردستان دابەش کراوە بەزۆر لکێندراوە بە وڵاتانی دیکەوە، بە ئارەزووی خۆمان نەبووە، بەڵام لە ماوەی رابردودا دوو جار باشووری کوردستان، هەلی باشی بۆ هاتووەتە پێشەوە کە دەیتوانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان رابگەیەنێت بەڵام نەیکرد، یەکەم جار لە ساڵی 1991 کە راپەرینەکەی گەلی کوردستان روویدا، جاری دووەم لە پاش روخانی حکومەتی ئێراق لە ساڵی 2003، لەو دوو هەلە دا جارێکی دیکە کورد خۆی بە ئێراقەوە لکاندەوە، لە کاتێکدا ئێراق نەمابوو، زەمینەیەکی لەبار بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی لە ئارادا بوو، لەو رۆژەدا ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکردایە هەموو ئەوروپا یارمەتی دەدا، ئەوان ئێستا دەڵێن ئێوە خۆتان دەوڵەتی کوردیتان ناوێت، خۆتان هەڵناقۆزنەوە.**

**میدیا: بەڵام سیاسییە کوردەکان دەڵێن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زەمینەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی لە ئارادا نەبوو، بۆیە داوای دەوڵەتی کوردییان نەدەکرد، تۆش دەڵێی زەمینە هەبووە، کەواتە پێتوایە سەرکردەکانی کوردستان توانا خوێندنەوەی واقیعی سیاسی نێودەوڵەتیان نەبووە؟**

**بروسکە ئیبراهیم: بە بڕوای من چەند خاڵێك هەیە کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکەین یەکەم ئەوەیە کە لە مێژوودا وابووە کورد باوەڕی بەخۆی نەبووە و نییە، خۆی بەرانبەر بە گەلانی دیکە بەکەم زانییوە، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو حزبانە شتەکەیان هاتووەتە بەردەم خۆیان هیچیان نەکردوە، بۆ نموونە لەساڵی 1991 خەڵکی باشووری کوردستان راپەڕی خۆ ئەوان نەیان کرد؟ بەڵکو گەل بوو راپەڕی، ئەوانە کەسیان لە کوردستاندا نەبوو کە هاتنەوە بەڕاستی تێکیاندا. خۆتان ئاگاتان لێیە خەڵك چووە کەرکوك، کەرکوك رزگار کرا، ئەگەر حزبەکان نەبووایە باشتر دەبوو، چونکە کە هاتنەوە دیسان دەستیان کرد بە ململانێ بۆ راکێشانی پۆست و پلە و پایە دیسانەوە چونەوە بەغدا بۆ گفتوگۆ لە گەڵ بەغدا ئەوەش هەلەکەی لەدەست کورددا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئێستاش هەروایە زۆربەیان لە سیاسەتی دونیا ناگەن وادەزانن دونیا هەر ئەم هەرێمە بچوکەیە وادەزانن کە پاشە رۆژی کوردستان تەنیا بە ئەم وڵاتانەی دەورو بەرەوە بەستراوە لە کاتێکدا وانییە، سەبارەت بە 2003 کە هەلێکی دیکەبوو لە دەستدرا ئەو کاتە ئەمریکا بەهۆی ئەوەی تورکیا رێگای بە هاتنە ناوەوەی سوپاکەی نەدابوو کە لە**

خاکەکەیەوە بێتە ئێراق نێوانیان تەواو نەبوو، هەروەها ئێران و سوریاش دەترسان ئەمریکا لێیان بدات، ئەوانیش نەیان دەوێرا قسە بکەن، هەوەها ئێراقیش رووخابوو کەواتە هیچ کەس نەبوو دژایەکی کوردستان بکات ئەمریکاش تەنیا یەك دۆستی هەبوو لە ناوچەکەدا کە کورد بوو، بۆیە بێگومان لەو کاتەدا ئەو تەنیا دۆستەی خۆیی لە دەستنادات، بۆیە ئەگەر کورد ئەوکاتە داوای دەوڵەتی سەربەخۆیی بکردایە باشترین کات بوو، من نموونەیەك باس دەکەم لەو کاتانەدا کە بریار بوو بدرێت لە ئێراق رادیۆیەکی ئەمریکی هەبوو کە بە عەرەبی پەخش دەکرا، بەناوی (ئێراق حوڕ) من بەردەوام گوێم لیٚ دەگرت، رۆژنەبوو باسی دەوڵەتی کوردی نەکرێت، رۆژانە دیمانە لەگەڵ خەڵکی جیاواز باس باسی ئەوە بوو کە لێدانی ئێراق گەورەترین هەل بۆ کورد دروست دەکات بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی خۆیان، بەڵام دواتر کورد نەیتوانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە.

میدیا: بەڵام سیاسییە کوردەکان باس لەوە دەکەن کە ئەگەر ئێمە دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین ئەوکات وڵاتانی دراوسیٚ دەروازەکانیانمان لیٚ دادەخەن و ئێمەش لەو چوارچێوەیەدا ناتوانین خۆمان رابگرین؟

بروسکە ئیبراهیم: هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە، بۆیە من باسی ئەو هەلانەم کرد، چونکە لەو کاتانەدا شتەکە بەدەستی ئەمریکا بوو، ئەویش پێویستی بە ئێمەبوو نە تورکیا، نێوانی لەگەڵ ئەمریکادا هەبوو نە ئێران و سوریاش نەیان وێرا قسە بکەن، چونکە خۆیان دەترسان ئێران هێرش بکاتە سەریان، بۆیە رەنگە لە ئێستادا زەحمەتتر بێت، چونکە ئێستا حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هاتوون هەرچی بەرژەوەندی ئەوانی دیکە هەیە دەیپارێزن، بەڵام بەرژەوەندی ناوخۆیی ناپارێزن، ئێمە ئێستا هەموو شتێکمان لە دەرەوە بۆ دێت کشتوکاڵمان پەکی کەوتووە، داهاتی ناو خۆیمان نییە، بۆیە ئەڵێن ئەگەر سنوورەکانمان لیٚ دابخریٚ لە برسا دەمرین، بەڵام شتێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە، ئەویش کێشەی ناوخۆی عەرەبەکانە، ئەوەتا هەشت مانگە هەڵبژاردن کراوە، بەڵام تا ئێستا حکومەت دروست نەبووە، چونکە نە سوننە و نە شیعە یەك نیین کورد ئێستا دەیتوانی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دونیادا قسە بکەن، بڵێت ئێراق ناتوانێت بەوشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، بۆیە من دەمەوێت جودا ببمەوە، سەرۆکەکانی کورد کە دەچن بۆلای سەرۆکی ئەمریکا باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ناکەن باسی یەکێتی خاکی ئێراق دەکەن، ئەوان دەتوانن لە کۆبوونەوە دوو قۆڵیەکاندا باسی دەوڵەتی کوردی بکەن باس لەوە بکەن کە ئێراق بەم شێوەیەی ئێستا تاهەتایە بەردەوام لە کێشەدا دەبێت، بۆیە پێویستە بکرێت بە چەند بەشێکەوە بۆ ئەوەی هەر کەسەو بۆخۆی بژی بەڵام ئەوان بەردەوام لە راگەیاندنەکاندا باس لە یەکێتی خاکی ئێراقدەکەن و دەڵێن ئێمە گرنتی مانەوەی یەکپارچەیی خاکی ئێراقین.

میدیا: بەڵام ئەو سەرکردانەمان بەردەوام باس لەوە دەکەن کە بەدرێژایی تەمەنیان خەباتیان بۆ سەربەخۆی کوردستان ماف چارەی خۆنوسین کردوە؟

بروسکە ئیبراهیم: من باوەڕ بەو قسانە ناکەم پێم وانییە ئەوان خەباتیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان کردبێت، بۆ نموونە قسەکانی مام جەلال کە لەم رۆژانەدا کردنی دیارە کە دەڵێت دەوڵەتی کوردیی خەونە، مام جەلال دروست کردنی دەوڵەتێکی دیموکراتی پێشکەوتوو کە سەرجەم مافەکانی مرۆڤ فەراهەم بکات لە ناو وڵاتێکی وەك ئێراقدا بەخەون نازانێت، بەڵام دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بە خەون دەزانێت! لە راستیدا من ئەوە بەخەون دەزانم کە دەوڵەتێکی دیموکراتی لە ئێراق دروست ببێت، چونکە ئەو عەرەبانە سوونی بێت یان شیعە ناتوانن و ئامادەیی ئەوەیان تێدا نییە کە دەوڵەتێکی دیموکراتی دروست بکەن ئەو هێزانەی تا ئێستا نوێنەرایەتی سوننەو شیعەی ئێراق دەکەن هیچیان ئەو هێزانەنین بتوانیت دڵیان پیٚ خۆش بکەیت کە ئایندەی ئێراق بەرەوە دیموکراتی دەبەن.

میدیا: یەکێك لەو هێزانەی کە لەم هەڵبژاردنەدا زۆر گەشەی کرد بەعس بوو کە خۆی لە چوارچێوەی لیستی ئێراقییەدا بینیەوە، ئەوە تاچەندە ئومێدی دەستکەوتی نەتەوەی بۆ کورد لە ئێراقدا کەمتر دەکاتەوە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەگەر تەماشا بکەین ئەوەی کوردی ئەنفال کرد کیٚ بوو جینۆسایدی بەرانبەر بەکورد ئەنجامدا بێگومان بەعسییەکان بوون، هەروەها کەسێکی وەك عەللاوی کەسێکی کۆنە بەعسی یە کە لە سەدام جیا بووەتەوە لەسەر ئەوە نەبوو کە عەللاوی داوای دیموکراتی کردبێت بۆ ئێراق و سەدام دژی دیوکراتی بێت یان لەسەر ئەوە نەبووە کە عەللاوی دژی ئەو هەموو تاوانە بووبێت کە سەدام دەیکردو لەو رووەوە کێشەی لەگەڵ سەدامدا هەبووبێت، بەڵکو کێشەیان لەسەر پلەو پایە بوو لەگەڵ سەدام، بۆیە ئەمانە بە هیچ جۆرێك نابێت باوەڕیان پیٚ بکرێت بەڵام بەداخەوە کورد زۆر خۆش باوەڕە، عەرەبەکان دێنە هەولێر و دوو بڕیاردەدەن و دوای دەڵێن تەواو ئیتر بڕیاری ئەوە دراوە، زۆرم بەلامەوە سەیرە کە کورد بۆخۆی حکومەتێك لە بەغدا دروست دەکات و دوایی دەچێت داوای ماف خۆیی لیٚ دەکات! ئێستا حکومەتی بەغدا نەماوەو لەناو چووە دەبێت ئێمە هەرگیز کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان رێکبخەینەوە ئەوە ئیشی ئێمە نییە، بەڵام بەداخەوە سیاسییەکانی ئێمە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان

لەبەر بەدەست هێنانی پۆست لە بەغدا ئەوەیان لەبیر کردوە کە دەبێت کاری ئەوان هەوڵدان بێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەك بەهێزکردنی حکومەتی ئێراقی.
میدیا: بەڵام ئایە ئەگەر بزانن دەتوانن حکومەتی سەربەخۆی کوردی دروست بکەن نەیان دەکرد؟ ئەگەر وەك بەرژەوەندی کەسیش سەیری بکەین ئایا کەسێك سەرۆکی وڵاتێکی سەربەخۆ بێت باشە یان سەرۆکی هەرێمێکی فیدراڵ؟
بروسکە ئیبراهیم: بە بڕوای من دوو خاڵی گرنگ لێرەدا هەیە، یەکەم ئەوەی کە وەك لە سەرەتاوە گوتم باوەڕیان بەخۆیان نییە، خاڵی دیکەش ئەوەیە کە هێزەکانی کوردستان یەکگرتوو نین، بۆ نموونە ئەگەر سەرکردەیەك لێرە بڵێت من سەربەخۆیی کوردستانم دەوێت، لەوانەیە یەکێکی دیکە لەوملا بڵێت من سەربەخۆیم ناوێت، بۆیە ئەوە بە لایەك ناکرێت ئەگەر حزب و رێکخراوە کوردییەکان یەکبوونایە ئەوە ئاسانتر دەبووە، بۆیە ئێمە وەك کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان دەڵێین وەرن با ئێمە هەموومان دانیشین لەسەر مێزێك تا باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین، ئێمە هەموومان دەزانین رێگاکە زەحمەتە، بەڵام کە زەحمەتە بە کەسێك و چەند کەسێك ناکرێت، کەواتە بە هەموومان دەکرێت پێکەوە هێزی هەموو زیاتر دەبێت لە هێزی تاکە لایەنێك، ئەوە 20 ساڵە هەرێمی کوردستان هەیەو لە 2003 بەتەواوی سەربەخۆیە، بەڵام ئایا تا ئێستا هێزەکانی سلێمانی و هەولێر یەکن بێگومان نەخێر، ئەگەر ئێمە نەتوانین دوو شار یەکبخەین ئەی چۆن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین بۆیە کەس باوەڕمان پێ ناکات، بۆیە ئەگەر هێزێکی کوردی بە تەنیا بڵێت من حکومەتی کوردیم دەوێت دەڵێن ئەوە رای هەموو کورد نییە، بەڵام کە هەموو پێکەوە بوون ئەوکات هێزێکی گەورەی دەبێت.
میدیا: بەڵام رایەك لە باشووری کوردستان هەیە دەڵێت ئێمە ئێستا باس لە دەوڵەتی کوردی بکەین ئەوەش کە هەمانە لە دەستی دەدەین؟
بروسکە ئیبراهیم: جا چیمان هەیە لە کیسمان بچێت؟ ئەو هەرێمەی کە هەمانە کێ دەڵێت بەوەی کە لە چوارچێوەی ئێراقدا بمێنینەوە مسۆگەر دەبێت؟ کێ گەرەنتی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئێراق بەهێزبوو جارێکی دیکە وەك زەمانی سەدام هێرش ناکاتەوە سەرمان؟ بۆیە ئەگەر رۆژێك بێت حکومەتی ئێراق بەهێز بێت و بەسەر گرفتەکانی ناوخۆیدا زاڵبێت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی بەهێز بکات و چەکی و تفاقی باشی هەبێت من لەو باوەڕەدام هەرێمی کورستان نامێنێتەوە ئەم هەرێمی کوردستانەی کە ئێستا ماوە لە کزی بەغدایە ماوە لەبەر ئەوەی کە جارێی ئەوێ هیچ نییە باحکومەتێکی بەهێز لە بەغدا دروست ببێت، ئەوە ئەمەشمان لە کیس دەچێت، بەڵام ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت پەیوەندیمان بەوەوە نابێت کە بەغدا بەهێزە یان بێ هێزە.
میدیا: ئەو شانازییەی کە ئێستا کورد دەیکات بەوەی کە بووە بەهۆی رێکخستنی هەموو لایەنە ئێراقییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟
بروسکە ئیبراهیم: من ئەوە بە هەڵە دەزانم ئیشی ئێمە ئەوەیە کە رێکخراو حیزبە کوردییەکان یەك خەین، نەك حیزبە ئێراقییەکان یەك بخەین، ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان بەهێزبێت. بۆیە هەڵەیە کە کورد شانازی بە یەکخستنی ئێراقییەکانەوە بکات.
میدیا: چەند جارێکە باس لەوە دەکرێت کە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی دەبەستێریت و دواتر دوای دوادەخرێت ئەوە بەکوێ گەیشت سوودی ئەو کۆنگرەیە لە چی دایە؟
بروسکە ئیبراهیم: ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین بەناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و ئەوەی حزبەکان باسی دەکەن شتێکی دیکەیە، ئێستا کۆنگرەیەك هەیە بەناوی KNKئەوە سەر بەPKK یە لەوکاتەدا شتەکە دەبێتە حزبی، ئێمە داوادەکەین کۆنگرە سەر بەخۆبێت بە هیچ لایەنێکەوە نەبەسترابێت، ئێستاش بیستومە هەوڵ هەیە کرنگرەیەك لە هەولێر بکرێت، بەڵام PKK تێدا نەبێت، چونکە تورکیا عاجز ئەبێت، دەی کەواتە تۆ هەر لە سەرەتاوە نەتویست لایەك بەشداریێت ئەوە نابێت بە کۆنگرەی هەموو کورد، پاشان ئەگەر کۆنگرەیەك لە هەولێر بێت دەبێت ئەو کۆنگرەیە سەر بەدەسەڵات بێت ئەگەر نا قبوڵی ناکات، بەڵام ئەو کۆنگرەیەی کە ئێمە باسی دەکەین، دەبێت لە سەرووەی هەموو حزبەکانەوە بێت و هەموو حزبەکانیشی تێدابێت ئەوکاتە دەبێت بە کۆنگرەی هەموو کورد، ئێمە لە ساڵی 1985 ەوە دەمانەوێت ئەو کۆنگرەیە ببەستێریت کە بتوانێت ستراتیژیەتی نەتەوەیی دابڕێێت و هەموو لایەك پابەندبن پێیەوە بەڵام تا ئێستا نەکراوە. هەر بۆیە پێم وایە ئەم حزبانە بە جدی نایانەوێت سەربەخۆیی کوردستان بەدی بێت، راستە چەند ساڵە خەبات دەکەین، بەڵام ئەجێندای کاری ئەوان سەربەخۆیی نەبووە.
میدیا: ماوەی ساڵێکە بزوتنەوەی گۆڕان دروست بووە وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە رووی نەتەوەییەوە ئاراستەی ئەو بزوتنەوەیە چۆن دەبینی؟

بروسکە ئیبراهیم: لە هەر سیستەمێکی دیموکراسیدا دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەبێت، بۆیە بۆ خۆی هاتنە ئاراوەی ئۆپۆزسیۆن کارێکی ئیجابیە سەبارەت بە گۆڕانیش خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ئەو شتانەی تا ئێستا باسیان دەکەن داواکارییەکانی خەڵکە، بەڵام لە پرسە نەتەوەییەکاندا، ئەوان وەك ئاگادارم دەڵێن ئێمە واز لە کەرکوك ناهێنین و لە پرسەکانی دیکەشدا رایان باشە، بەڵام تا ئێستا ئەوان باسی دەوڵەتی کوری ناکەن، بۆیە بەلای منەوە یەکێك نەتەوەییە کە باس لە دەوڵەتی کوردی بکات، قەزیەی نەتەوەیی بەڵام منەوە تەنیا ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردیت هەبێت، تا ئێستاش نەمبیستووە گۆڕان باسی ئەوەی کردبێت.

میدیا: لە درێژی ئەم دیمانەیەدا هەموو قسەکانت دەهێنیتەوە بۆ دەوڵەتی کوردی، بەڵام لە ئێستادا رایەك هەیە کە دەڵێت سەردەمی دەوڵەتی نەتەوە بەسەر چووە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەو پرسیارەم پێ خۆشە، چونکە ئەو پرسە لە کوردستان زۆرجار دەوروژێندرێت، من دەڵێم ئەوە هەرگیز راست نییە، بۆ نموونە ئێستا لە ئەوروپا لە 27 وڵات پێکهاتووە هەر لەو ماوەیە کورتەدا چەندید حکومەتی تازە دروستکراوە ئەوەتا چیك و سلۆفاکیا ئێستا بوون بە دوو دەوڵەت هەروەها یوغسلافیا عەرەبیەکەی و کروات و بۆسنە و ئەلبان و ئەو هەموو وڵاتە دروست بووە دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران چەندین وڵات دروست بووە، عەرەب 22 دەوڵەتی هەیە فارس و تورك دەوڵەتیان هەیە ئایا هیچ کام لەوانە ئامادەن بڵێن دەوڵەتمان ناوێت؟ بێگومان نەخێر، ئەوە تەنیا کوردە ئەو قسەیە دەکات ئەو قسەیە زۆر درۆیە بەهیچ شێوەیەك وانییە هەمو دونیا پارێزگاری لە نەتەوەی خۆیی دەکات، چونکە ئەگەر گەل دەوڵەتی نەبوو هیچ قیمەتی نابێت.

بەکورتی من چارەسەری کێشەی کورد لە دەوڵەتی کوردیدا دەبینم، هەڵوێستی نەتەوەی هەرلایەنێکی دەبەستمەوە بە رادەی کارکردنی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردیەوە.

*ئەم هەیپەیڤینە لە ژمارە(461)ی رۆژنامەی میدیا بلاوکراوەتەوە.

==================================================================

# بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی قڕکردنی کورد لەسوریا

**رۆژ لە دوای رۆژ رژیمی داگیرکەری بەعس لە سوریا ئامرازەکانی بۆ لەناوبردنی گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان و سوریا پێشدەخات و چەند ساڵێکە قیزەونترین رێگا دژە مرۆڤیەکان لە دژی گەلی کورد بەکار دەهێنێت، و ئەمە دەیان ساڵە چەندین پرۆژەی شۆڤێنیی رێکخستووە کە ئامانجی لەناوبردنی گەلێکە لەسەر خاکی باب و باپیرانی کە بەوەش نەیتوانیوە هەتا ئێستا ئیرادەی گەلەکەمان لاواز بکات بۆیە هەڵساوە بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانەی خوارەوە.**

**<u>یەکەم : پرۆژە نژادپەرستەکانی کۆن و تازەی کە هەتا ئێستاش بەردەوامن :</u>**

**1 – <u>سوتاندنی سینەمای شاری عامودا</u>. لە 1960/11/13. هێزەکانی شەڕخواز هەڵسان بە سوتاندنی زیاتر لە 285 منداڵی کورد لە ناوی سینەمای شاری عامودا، کە هەمویان قوتابی قۆناغی سەرەتایی بوون،**

**2 - 1962. <u>سەرژمێری تایبەت</u>. بە پێی ئەو نەخشە رێگاییەی کە بۆ لەناوبردنی گەلی کورد لە لایەن نژادپەرستێکی عەرەب و ئەندامی ئەمن سیاسی لە شاری حەسەکەوە نووسرابوو،ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی نیشتەجێیً پارێزگای حەسەکە بێبەشبوون لە ناسنامەی هاولاتیبوونی سوریا کە ئێستا ژمارەیان لە 350 هەزار کەس تێپەر دەبێت، کە لەناویشیاندا چینی /مکتومی القید/یش هەیە کە بیً بەشن لە هەموو مامەڵەیەکی باری شارستانی لە جیهاندا.**

**3- 1973. <u>پرۆژەی کەمەری عەرەبی</u>. کە بەدرێژایی 375 کلم و پانتایی 20 کلم لە سەرانسەری سنووری دابەشکراوی نێوان سوریا و تورکیا دا بە زەبری چەك لە کوردە رەسەنەکان سەنرا و بەسەر عەرەبەکاندا دابەشکرا کە بۆ ئەم مەبەستە لە شوێنەکانی تری سوریا هاوردە کرابوون.**

**4- 1974. <u>پرۆژەی زەوییە ژێرئاو یەکان</u>. بە پێی بریاری شۆفینی ژمارە 521 سەرکردایەتی حزبی (بەعس)وە لە بەرواری 1974/6/24. نزیکە 49 کۆمەڵگا بۆ عەرەبەکان لە سەر خاکی جووتیارە کوردەکان دورستکران کە پێش ئەوان بە چەند ساڵێك بۆ خۆیان خەریکی پاککردن و چاککردنی ئەو زەویانەبوون , دوایی عەرەبەکان هێنرانەوە بۆ داگیرکردنی خاکی کوردەکان بەم دابەشکردنەوەی خوارەوە :- 12 ئۆردوگا لە ناوچەی (دێریك)ی تەعریبکراو بۆ (المالکیە)._ 12 ئۆردوگا لە قامشلۆ. 15 ئۆردوگا لە "سەریً کانییً" کە تەعریبکراوە بۆ "رأس العین". کە ژمارەی گوندە زەوتکراوەکانی کوردەکان گەیشتە 335 گوند.**

**5 – 1993. <u>سوتانی زیندانی شاری حەسەکە</u>. کەتێیدا 67 شەهیدی کورد لە زیندانی ناوەندی پارێزگای حەسەکە دا سووتان ,دوای کە هەموویان لەیەك هۆل کۆکرابوون , و تەنها دوو کەس لەو هۆل وکارەساتەدا رزگاربوون کە تائێستاش لە ژێر چاودێری هێزە ئەمنیەکاندان.**

دووەم : پرۆژە شۆڤێنیە نوێیەکان :

لەبەر ئەوەی کورد رووبەرووی هەموو جۆرەکانی چەوساندن و تەعدا ببوو، کە قەدەغەکرابوو لەسەری زمانی خۆی بەکاربهێنێت و هەروها خوێنکار و فەرمانبەر بەو تۆمەتە قیزەوینە "مەترسی لە سەر ئاسایشی دەوڵەت" فەصل دەکران ,ئیدی ڕاپەرینی 12 ئاداری 2004. دژ بە رژیمی بەعس دەستپێکرد و لەئەنجامیدا بە دەهان کەس شەهیدبوون و چەند هەزارێکیش دەستگیرکران,هەروەها بەدەیان کەس لەژێر ئیشکە نجەدا ژیانیان لەدەستدا. بۆیە کریارەکانی رژیمی بەعس بۆ چەوساندنی گەلی کورد زیادی کرد و دەست بەم تاوانانەکرد کە لێرەوە بەبیردەهێنینەوە :

1 – کوشتنی سەربازە کوردەکان لەناو سوپای عەرەبی سوریا دا. کە لەدوای ڕاپەرینەکەی 2004 دا ژمارەیان گەیشتووە زیاتر لە 45 شەهید.کە لەناو یەکینەکانیان دەکوژرێن و پاشان بە تەلەفۆن خێزانەکانیان ئاگادار دەکەنەوە و هەڕەشەی کوشتنی زیاتریان لێدەکەن ئەگەر چ لایەنێك ئاگادار بکەنەوە لە کریارێکیٚ بەم چەشنە و هەروها قەدەغەیە کە تەرمەکانیشیان ببینن.

2- دەستگیرکردنی بەهەزاران کادری حزبی و سیاسی و رۆشنبیر و چالاکڤانانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەردو رەگەز.

3- کوشتنی کەسایەتی ئاینی کورد. شێخ محمد مەعشوقی خەزنەوی لە ئە نجامی پیلانێکی ترسەنۆکانە دا.

4- لە ساڵی 2008 دەرکردنی فەرمانی 49 ی قیزەون, کە کوردیان بیٚ بەشکرد لە مافی کڕین و فرۆشتن و دروستکردنی خانووبەرە و بەمەش هەموو جموجۆلێکی ئابووری زۆربەی هاوڵاتیان وەستا کە ئامانج لیێی ناچارکردنی کوردەکانە بۆ کۆچبەرکردن و بەتاڵکردنی ناوچەکانیان بە مەبەستی ئاسانکردنی تەعریب کردنیان و هەروها تائێستا ژمارەی ئەو کوردانەی کە کۆچیان کردوە بە نیو ملیۆن کەس دائەنرێت.

5- لە ساڵی 2008. دەرکردنی بریارێکی شۆڤێنیانە بە غەرامەکردن بە 10 هەزار دۆلار و زیندانی کردن بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆ هەر خاوەن کارێك کە کرێکارێکی کوردی بیٚ ناسنامەی عەرەبی لای خۆی بە ئیش کردن بدات.

6- تەعریب کردنی ناوچەی رمێلان کەنەوتی تێیدایە و ئەوەش بە هێنانی فەرمانبەری عەرەب لە پارێزگا کەناریەکانی سوریا کە لەسەر چینی دەسەلأتدار ئەژمار دەکرێن.

7- دروستکردنی حوسەینیەکانی شیعە لە ناو شاری عامودا و ناوچەکانی تر و هەروها برینی موچەیەکی مانگانە بۆ هەر کەسێکی شیعە و دەرکردنی فتوای شۆڤێنی دژ بە کورد لە ریٚگای وتارخوێنی مزگەوتەکان بە تاڵانکردنی ماڵ و شەرەفی کوردەکان.

8- سرینەوەی ناسنامەی کوردی و بەردەوام بوون لە رێگریکردن لە کوردەکان لەبەکارهێنانی زمانی دایك.

9- بەردەوامبوون لە دەرکردنی خوێندکار و فەرمانبەرانی کورد بە تۆمەتی "مەترسی لەسەر ئاسایشی دەوڵەت".

10- بەئامانجگرتنی هەموو بۆنە نەتەوەییە کوردییەکان و گۆرینی بۆ کوشتارگەی خوێناوی، وەکو لە جەژنی نەورۆزی قامیشلو و رقە رووی‌ياندا.

- بە پێی مادەی دوەمی رێکەوتنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرواری 11 کانونی یەکەمی 1946 تاوانی قڕکردنی بە کۆمەل واتای کردنی ئەو کریارانەی خوارەوەیە :

- کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگا.

- گەیاندنی ئازارێکی جەستەیی و دەروونی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگایی مرۆڤایەتی.

- کارکردن بە شێوەیەکی قەسدی بۆ تێکدانی رەوشی بژێویی کۆمەڵگایەك کە ئامانجی لەناوبردنی بە شێوەیەکی گشتی یان تاکی یە.

دەیان ساڵە گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان و سوریا رووبەرووی چەندین پرۆژەی لەناوبردن دەبێتەوە بە بیٚ ئەوەی هیچ لایەنەێکی ئینسانی لە جیهاندا بەرگری لیێ بکات , و هەتا ئێستا هیچ بەیاننامەیەك دژ بەم تاوانانەی رژیمی داگیرکەری بەعس لە سوریا دەرنەکراوە , ئەو جیهانەی کە تەماشای ئەم جینۆسایدە دەکات و هیچ هەڵویستێکی نابێت , بیٚ گومان شەریکێکی سەرەکیە لەگەڵ ئەم جینۆسایدە دا لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی خۆی بۆ لایەنی کوشتنی هەرەمەکی لەدەست داوە.

ئەی ویژدانی مرۆڤایەتی , داوات لیٚ ئەکەین کە بەرپرسیارەتی ئەخلاقی خوت بگێریت بۆ رێگرتن لەم جینۆسایدەی کە دژ بە گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان و سوریا ئە نجام دەدرێت.

==========================================================================

## پەیامی کونگرەی نیشتمانی کوردستان

## بەبۆنەی رووداوەکانی 2011/2/17وە

ئەمڕۆ ناوچەی خورهەلاتی ناوەراست بەبارودۆخیکی هەستیارو دژواردا ئیئەپەریٚ. دەنگی نارەزایی بەرووی داگیرکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و گەندەلی و ناداتپەروەری و نەبوونی سەروەریی یاسادا لەهەر کاتیکیتر بەرزترو زولالترە و لەو پیناوەدا جەماوەری گەلان لە راپەرینیکی بەردەوام و هوشیارانەو نەبەردان.

راستە قەوارەکەی هەریمی کوردستان هیشتا ناکامەو نەبوتە دەولەت و لەبەر مە ترسیی نەیارانیدایەو ئەشیٚ بەرگەی ململانیی خویناوی ناوخۆ نەگریٚ، بەلام گەندەلی و نادادپەروەری و نەبوونی سەروەری یاسا و دوو ئیدارەیی لەهەر مەترسییەکیکە کاریگەرترە بۆ هەرەسی ئەو قەوارەیە.

لەو گوشەنیگایانەوە و بۆ ریگرتن لەهەر دەسدریژییەکی دەرەکی و توندوتیژییەکی ناتوخۆو بۆ ئارامی ئەو قەوارەیەو ئاراستەکردنی بۆ سەربەخویی، ئیمە وەك کونگرەی نیشتمانی کوردستان کە دروشمی یەکیتی و تەبایی کوردمان هەلگرتوە لەپیناوی ئازادیو سەربخویی کوردستاندا بیئەوەی چاومان لە دەسەلات و لەهیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتییەوەبیٚ بۆخومان، چارەسەری ئالۆزیی ئەم بارودوخەو چارەسەر ی کیشە گەورەکەمان لەم خالانەی خوارەوەدا ئەبینین :

1. یەکگرتنی راستەقینەی هەردوو ئیدارەکە بەهەموو دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە.
2. کۆکردنەوەی هەموو داهاتو خەرجیەکانی هەریم لە بودجەیەکو ژمیرەیەکی کۆتایی روونداو والاکردنی دەستی دیوانی چاودیری دارایی بۆ پیاچونەوەو وردبینیو جیبەجیکردنی راپۆرتەکانی.
3. دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتوو لە هیزەکانی پیشمەرگەو زیرەڤانیو پاسەوانو سەربازگیری خۆبەخشانەو پرچەککردنی ئەو سوپایە بە چەکی مۆدیرنی پیویست بۆ پاراستنی سنوری کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی کورد.
4. دامەزراندنی ئەنجومەنیکی ئاسایشی نەتەوەیی خاوەن دەسەلات وەك ئەوانەی لە سیستەمە دیموکراتیەکاندا هەن.
5. دامالینی پارتیە سیاسیەکان لە هەمو جۆرە میلیشیاو جۆرە چەکیك.
6. مەشق پیکردنی سەربازیانەی زۆرە ملیٚ بۆ هەموو گەنجیکی تەمەن هەژدە سالٚ بۆ ماوەی چوار مانگو بانگردنیان بۆ سەربازی لەکاتی پیویستدا.
7. ئەنجامدانی هەلبژاردنی سەرۆکی هەریمو پەرلەمانو پاریزگاو شارەوانیەکان لەکاتی خۆیانداو دیاری کردنی موچەیەك بۆیان کە لە موچەی دەرچویەکی کۆلیجی خاوەن راژەی سی سالٚ زیاتر نەبیٚ بە پیی یاسایەکو بەبیٚ هیچ ئیمتیازیکی وەك خانە نشینیو وەرگرتنی زەویو ئۆتۆمبیلو... هتد.
8. دەستبەرداربوونی پارتییەکان لە هەموو ئەو موڵکو مالانەی گشتی کە دەستیان بەسەریاندا گرتوە یا کرییانە بە هەر نرخیك و گیرانەوەیان بۆ ملکی گشتی.
9. خۆمالیکردنی کۆمپانیاو پرۆژە ئابوریەکانی پارتیەکان بەناوی خۆیانەوە بیت یا کەسیکی تر.
10. ریگرتن لە پارتیە سیاسیەکان کە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ کاری بازرگانیو بەلیندەرایەتی بکەن, یا پارە لە بوجەی گشتی وەر بگرن. حیزب تەنیا بە ئابونەی ئەندامەکانی, خۆی بەریوەببات.
11. نوسینەوەی دەستوری هەریمی کوردستان بە جۆریك کە سنورەکانی هەریمی تیا دیاری کراوبیٚ بە ناوچە دابراوەکانیشەوە.

12.ئامادەکردنی پرۆژەیەکی راپرسی گشتی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی باشوری کوردستان و ئەنجامدانی ئەو راپرسیە لە هەلێکی گونجاودا, یا لەکاتی هەر دەستدرێژیەکی دەرەکیدا بۆ سەر باشوری کوردستان.
13.ناچارکردنی هەمو بەرپرسێکی گەورەی حکومی و حیزبی لەرابوردوو ئێستادا بۆ ئاشکرا کردنی سامانەکانیان و گێرانەوەی هەر موڵك و سامانێکیان بۆ سەر موڵك و بوجەی گشتی کە بە ناڕەوا دەستیان کەوتوە و سەپاندنی سزای ناپاکی نیشتمانی بەسەر هەر کامیاندا کە زانیاری ناراست پیشان بدەن لەو رووەوە.
14.دادپەروەری لە پرکردنەوەی وەزیفەکاندا لەرێگەی ئەنجومەنێکی راژەوە بێ گوێدانە لایەنگری پارتایەتی.
15.نەهێشتنی رۆتین بەپێی بەرنامەیکی زانستیانە.
16.بەهەدەر نەدانی سامانی گشتی.
17.گرنگیدان بە گەنجان و یارمەتییان بۆ تەواوکردنی خوێندن و ئامادەکردنی هەلی کار بۆیان.
18.گرنگیدان بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و پروژە خزمەتگوزارییەکان بەپێی بەرنامەیەکی زانستی.

لەکوتاییدا داواکارین بکوژان و بریندارکەران و سەرپێچیکەرانی یاسا رەوانەی دادگا بکرێن.

**کونگرەی نیشتمانی کوردستان**

**سەرکردایەتی باشوور**

===============================================================

## تاج و تەختی ژێردەسێتیت بۆچیە !؟

**کامیل ژیر**

تۆ کەتێر و دەوڵەمەند و پێشەوا یا رابەرێبی
نان و خوانی ناکەسانت بۆچیە؟
با سەرێ یا ئەفسەرێبی، بۆ دژانت نۆکەرێبی
ناوو ئەستێرە و نیشانت بۆچیە؟
★
گەر لەکۆڕێکی سەرانا، سەرنەوی یا دابڕابی
تۆپ و لافی خانەدانیت بۆ چیە؟
پارە هەر بۆ پارەبێ، ئێشکگریبی، تاکو مابی
بێ دراویت، پاسەوانیت بۆچیە؟
★
مەی کە سەرخۆشت نەکات و بۆ خەم و ئاشووب و شەڕبێ
پێکی تاڵی ژاری مارت بۆچیە؟
کۆچ و بارت بێ کەسێك و دوورەخاك و بۆلەوەڕبێ
ساز و تاری راگوزارت بۆچیە؟
★

باوەڕێ نەتخاتە سەر ڕێ ورشەداری مایەخەمبێ
ئاگری ئەو بیرە تووشەت بۆچیە؟
نازەنینێ دڵ نەبەخشێ، خاتو زینی کاکەمەمبێ
ئاوەڵێتی بووکەشووشەت بۆچیە؟
★
بێ دەسێکی ئاوەدان و بێ دەمێ ناوت بهێنێ
ماڵی زۆری بێ شومارت بۆچیە؟
کەم بژی تۆ کەڵ بژی تا یادگارێکت بمێنێ
کوڵ و باری ڕۆژگارت بۆچیە؟
★
بێ بەرامە و بۆنی سینەی، باهەواری سەرچڵێبێ
شاگوڵی دەستی نەیارت بۆچیە؟
بارەگاکەت شێوەکاری باڵەخانەی (بابل) ێبێ
بێ (ئومێد)ێ لالەزارت بۆچیە!؟★
★
دایکەکانی رۆڵەکوژراو تاکو ئێستەش لێوبەبارن
ئاهەنگی سووری شەوانت بۆچیە !؟
دوژمنانت کەرت و پەرتن بێئەمانن گورگی هارن
ناوبژیوانیی ئەوانت بۆچیە !؟
★
گەل بەکامی دڵ نەبێتە پاسەوان و پشتیوانت
دیوەخانی بێکەسێتیت بۆچیە !؟
بێ قەوارەی سەربەخۆیی و یەکتەنێتی نیشتمانت
تاج و تەختی ژێردەسێتیت بۆچیە !؟
===================

★ بابل: مەبەست لەباخچە هەڵواسراوەکانی بابلە

ئومێد: ئەو ئافرەتە کوردەبوو کە پاشای بابل خواستی و باخچەهەڵواسراوەکانی بابلی بۆ کرد.

==========================================================================

## پێش هەڵگرتنی چەك با خۆمان بە بیروباوەری کوردایەتی خۆ ئامادە بکەین

## Ji azadî û serxwebûn bi rûmetir tişteke tineye

# Dîdarek Taybet di gel Dr. Cewd Mela
# serokê Hikûmeta Rojavayê Kurdistanê li dervey welat
# u serokê Kongira Niştimaniya Kurdistan

Hevpeyvîn: Mihemed Brîmko-Peyamnêrê Ajansa Kurdistanê bo Dengûbasan (AKnews)-Hewlêr.
Pirs:

1- Aramancên kar û xebata we bo Rojavayê Kurdistan çiye? Asmana herî bilind ji daxwazên we çine?

Aramanc û kar û xebata min ji bo Rojava Kurdistanê, ya dûr û ya nêzîk, ya tektîkî û stratîjî her yeke û ew jî avakirna dewleta Kurda.

2- Bi baweriya we be sedemên rasteqîne bo tunebûna yek gotara Kurdî li Sûriye çiye?

Bi baweriya min sedemên rasteqîne bo tunebûna yek gotara Kurdî li Sûriye, ji ber ku bîr û bawerên neteweyî wendab û yî û herweha kesên baş û xerab wek hev bûn û belkî kesên xerab pirr rêz li wan tê girtin, û kesên baş bi ker û nezan û gunehbar tên naskirin.

3- Gelo Pêwendiyên we di gel opezisyûna Sûriye heye? Çalakiyên we çine?

Pêwendiyên min di gel opezisyûna Sûriyê ya Erebi pirr kême, ji ber ku ewan bi xwe bi mafên Kurdan ne razînin, û ne bi mafên Kurda razî nabin belku bi hebûna Kurdan razî nabin, û heger razî bûn bi nokerên xwe Kurdan nasdikin.

4- Heger guhartin li Sûriye rûbidin, hûn dê çawa riftarê di gel van guhartinan bikin?

Hikûmata xwe, Hikûmeta Rojavay Kurdistanê li Dervey Welat, sedî sed ciyê xwe li welat digre.

5- Helwêsta we dê çibe heger ciwanên Sûrî li kolanên Dîmeşqê derketin xwepêşandannan?

Ezê zû li Rojava Kurdistanê dewleta xwe avadikim.

6- Hûn paşeroja Sûriye çawa dixwînin?

Li Sûriye du dewlet drûst dibin:
1- Dewleteke Kurdî li bakurê sûriyê de, ji çiyayê şingarê heya çiyayê Kurda li Laziqyê li ser derya sipî, bi bajarên xwe; Qamişlo û Hasakê û Kobanî û Raqa û Heleb û Efrîn û Jisraşigûr.
2- Dewleta Sûriye ye Federal ku têde miletên din hikûmeta xwe ya Federali ava dikin wek Durzi li çiyayê Durziyan li başûrê Sûryê û Elewî li çiyayê Elewiyan de û sunî li hûndire Sûriye di bajarên xwe; şamê û Hums û Hama û Daraa û Dêrazor.

==========================================================

# Gunehekî mezine ku xwîna Kurda birjêt, xwîn bi tenê ji bo azadîye û serxwebûna Kurdistanê tê rijandin